


**لەوپەری دونیاوە ئەم کەلاوانە ئەبینی**

**لەوپەری دونیاوە ئەم کەلاوانە ئەبینی، بێشەوقترین شاری دونیا، بەهەرکەس بڵێیت ئەم کەلاوانە کوێیە خێرا پێت ئەڵێ ئەمە هەڵەبجە؟ کەلاوە لە باتی شیعرو ساباتی پێکەنین بۆتە ناسنامەیەکی سەیری هەڵەبجە، هەڵەبجە ئەوەندە نەخۆشیەکەی سارییی و کاریگەرە، خەریکە سلێمانیش لاسایی ئەکاتەوە بۆ وێران بوون، ئاخر پایتەخت زۆر شتی گۆری و زۆری دیکەش ئەگۆرێ، ئێستا کەس هەیە پێم بڵێ کێ نوێنەری ئەم شارەیە تا پێمان بڵێ کام پرۆژە لەهەڵەبجە سەوز بوو؟ سەروەختێ پێیان ئەوتین ئەوەی چاك بوو لە هەڵەبجە مرد کوژرا شەهید بوو بوویە ئیسلامی و تیرۆریست و کیمیاییەکەش هەزارانی کوشت...!! ئەم قسەیە پێمان ئەڵێ کەواتە ئێوەش نەرم نەرم و بە هێواشی بمرن ئەی خەڵکی بە جێماوی شار، تا تەپ و تۆزو بێ ئاوی و چڵپاوی گەرەك نەتانکوژێ، ئەی ئەوە نییە 69 بریندار لەم کەلاوانەدا چاوەروانی مەرگی جوانن، بینیتان دوانیان شەهید بوون، توو ویژدانتان ئەو سەربان و بنبان و دیوارو قوراوە هی شارێکی خاوەن گەورەترین رەمزی قوربانیدانە؟ یان هەر هی پێش 88 ی سەردەمەکەی بەعسە؟ ئاخر ئێوە چیتان کرد؟**

**ئەی مەرگ دە تۆش هێند کەمتەرخەم مەبە زوو وەرە**
**با هێندەی دیکە درۆی پیاوە سیاسیەکان نەبینین و ئاتاجیان نەبین**
**ئەی مەرگ تۆ راستگۆترین سیاسی ئەم کەونەیت**
**هانات بۆ ئەبەین تا نائومێدی لەوە زیاتر نەمانخنکێنێ**

ئاخر نا ئومێدی تاقە گوڵاڵە سوورەیەکە

هەموو ساڵێ لە سەربانی ماڵە قوراویەکانماندا

لە پەنا بانگردێنە قورسەکانمانەوە سەوز ئەبێتەوە سەوز...!!؟

**فۆتۆ جۆرنالیست / ئاسۆعەبدوللەتیف**